# پێشبینی خوێندکاران بۆ داهاتووی پیشەییان
## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانیدا ئەنجامدراوە

**پ.ی. د.کوردستان عومەر محەمەد**

**بەشی کاری کۆمەڵایەتی ,کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتیەکان**

**زانکۆی سلێمانی**

**ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٤/١٥**

**کورتە**

پێشبینی تیۆرێکی نوێیە لە بواری کار وپیشەدا زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە. لەم توێژینەوەیەدا تیۆری پێشبینی بەکارهاتووە لەنێو دامەزراوەی زانکۆ و وردتر بڕۆین، لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی سەر بە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کاری لەسەر کراوە. ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەدوایدا دەگەڕێت، ئایا خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی پێشبینییان هەیە بۆ پیشەکەی خۆیان لەدوای دەرچوون و تەواوکردنی ئەو بەشە؟ لێرەدا و بەبەکارهێنانی میتۆدی چۆنیەتی، گەیشتوینەتە ئەنجامێك کە خوێندکاران پێشبینیەکانیان دوور نییە لەو زانستەی فێری دەبن، بەڵکو بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتووە ، ئەوەی لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی فێری دەبن، پێشبینی دەکەن لە دوای تەواوکرنی ژیانی خوێندکاری، پیشەیەکی هاوشان بەو ئەرك و ماندووبوونەی خۆیانیان دەستبکەوێت و ژیانێکی باشیان بۆ مسۆگەر بکات.

**پێشەکی:**

پێشبینیکردن یەکێکە لەو بابەتانەی لە بەرنامەی پێشوەختەو خوێندنەوەی واقعی ئێستاو ڕوانین بۆ داهاتوو، ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی هەیە لە بەرەوپێشبردنی هەر زانستێکدا. کەمی قسەوباس لەسەر ئەم بابەتە وادەکات هەندێکجار توێژەران خۆیان لەقەرەی نەدەن بەڵام لەبەر گرنگی ڕۆڵی پێشبینی بۆ هەنگاونانی بەرەو پێشبردنی زانستی کاری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی ودامەزراوەی زانکۆ بەگشتی، هەوڵماندا وەك ناونیشان هەڵبیژێرین بۆ خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر داهاتووی پیشەییان، بۆ ئەوەی خوێندکارانی ئەم بەشە بەشداربن لەپێشبینیکردن بەداهاتووی پیشەییانەوە. توێژینەوەکەمان لە چوار بەشدا ڕێکخست،بەشی یەکەم پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە، بریتین لە کێشەو گرنگی و ئامانجەکان و دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، هەریەك لە تیۆرەی تایبەت بەپێشبینیکردن هەروەها چۆنیەتی بەپراکتیکی کردنی پێشبینیکردن هاوکات جەختکردنەوە لەسەر هەندێك لەو توێژینەوانەی کاریان لەسەر گۆڕاوی پێشبینیکردن کردووە خراونەتەڕوو،بەشی سێیەم لەژێر ناونیشانی چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەدایە، لەم بەشەدا توێژەر تیشك دەخاتە سەر هەریەك لەمیتۆدی بەکارهاتوو، کۆمەڵگە و نمونە و بوار و ئامرازی توێژینەوەکە، بەشی چوارەم لە توێژینەوەکە خستنەڕووی ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان و وەڵامدانەوەی ئامانجەکانە، لەم بەشەدا تەواوی وەڵامی پرسیارەکانی ناو چاوپێکەتنەکان و وەڵامی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و پەیوەندی لەنێوان تیۆرەکان و توێژینەوە پێشینەییەکان بە چاوپێکەوتنەکانی خوێندکارانەوە بۆ بابەتی پێشبینیکردن دەخەینەڕوو، پاشان هەریەك لە پێشنیارو ڕاسپادەی پێویست لەبابەتەکەدا تیشکی خراوەتەسەر، لەکۆتایدا سەرچاوە زانستیە بەکارهاتووەکان و پاشکۆکان خراونەتە ڕوو.

sjh@univsul.edu.iq

**بەشی یەکەم- پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:** لەم بەشەدا هەریەك لە کێشەو گرنگی و ئامانج و دیاریکردنی چەمکە سە رەکییەکانی توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم- کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی هەر توێژینەوەیەك لەسەرەتادا بە پرسیارێکی وورد و کاریگەر دەستپێدەکات، وەك ئاگادارکەرەوەیەك لە بیرو هزری توێژەردا چەکەرە دەکات و داوای وەڵامێکی زانستی دەکات. خودی ئەم توێژینەوەیە بەهەمان شێوە لەو پرسیارەوە دەستی بەد روستبوون کردووە کە توێژەر تامەزرۆ و ئارەزووی بەدواداچوونی بووەو هەوڵیداوە سۆراغی کارکردنەکانی لەو پرسیارەگ شتیەوە دەستپێبکات کە دەڵێت: ئایا پێشبینی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بۆ داهاتووی پیشەییان چۆنە؟

**دووەم- گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی هەر توێژینەوەیەك لە ناونیشانەکەیدایە کە توێژەر هەڵیبژاردووە و بووە بە جێگەی سەرنج بۆ کارلەسەر کردن. لێرەدا بۆ ئەم توێژینەوەیە بەچەند خاڵێك دەستنیشانی هەندێك لەو گرنگیانە دەکەین:

- لەدوای سۆراغی توێژەر بۆ بابەتە تیۆرییەکان و توێژینەوە پێشووییەکان لەسەر پێشبینی دەرکەوت کە بابەتێکی نوێ و گ رنگە بەتایبەت لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئابووری، کار و پیشە، وەرزش.
- ئەم بابەتە توێژینەوەی زۆر کەم لەسەرکراوە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی لە وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی کوردی و عێراقیدا بەپێی سۆراغ و زانیارییەکانی توێژەر ئەمەش ئەکرێت بەگرنگیەك ئەژماربکرێت بۆ توێژینەوەکە.
- وەرگرتنی کۆمەڵێك خوێندکارو بەشداری کردنیان لەتوێژینەوەکەدا لەرێگەی ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێکی زانستی سەبارەت بەبابەتەکە، بۆخۆی کێشانی وێنەیەکی واقعیە لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەبارەت بەبابەتی توێژینەوەکە و بە گرنگیەکی زیندو کاریگەر ئەژماردەکرێت.

**سێیەم- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

لەڕاستیدا و لەهەر توێژینەوەیەکدا ئامانج ڕێنیشاندەرە بۆ وەڵامی وورد و درشتی ئەو پرسیارانەی لای توێژەر بوونیان هەیە سەبارەت بەبابەتی توێژینەوەکە. ئێمە لێرەدا کۆمەڵێك ئامانجی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو دواتر لە هەنگاوەکا نی داهاتوودا وەڵامی زانستیان بۆ دەستەبەر دەکەین:

1- ئایا پێشبینی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بۆ داهاتووی پیشەییان چۆنە (لەسەرەتای قۆناغی یەکەمی خوێند ن و پاشان لەدوای بەڕێکردنی چەند ساڵێکی خوێندن لەم بەشەدا)؟
2- ئایا خوێندکاران پێشبینی دەکەن کە زانست و بروانامەی کاری کۆمەڵایەتی بەسوودبێت بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی ب اش لە داهاتوودا؟
3- ئایا خوێندکاران پێشبینی بەرفراوانبوونی ئەم بەشە دەکەن لە داهاتوودا؟

**چوارەم- دەستنیشانکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

دەستنیشانکردنی چەمکەکان لەتوێژینەوە زانستیەکاندا بەکارێکی گرنگ و پێشینە دادەنرێت، چونکە کۆمەڵێکی ئێجگار زۆر گرنگی لە خۆدەگرێت دیارترینیان ئەوەیە لەم هەنگاوەدا توێژەر ئاشنایی باش پەیدادەکات بە چەمکەکانی ناو توێژینەوەکەی و دواتر دەیگوازێتەوە بۆ خوێنەر، سەرەڕای ئەوەی چوارچێوەی کارکردنی توێژەر دیاری دەکات و بەرەهەندەکانی ئەو بابەتە ئاشنایدەکات کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدات[1]. لەم توێژینەوەیەدا ئەو چەمکانەی کەبەپێویستی دەزانین تیشکیان بخینەسەر بریتین لە: (پێشبینی، خوێندکاری زانکۆ، بەشی کاری کۆمەڵایەتی، پیشە)

پێشبینی: بریتیە لەخوێندنەوەیەکی نزیکەیی بۆ هەر دیاردەیەك کەسروشتی بێت یان مرۆیی کەپشت بەو زانیاریانە دەبەستێت لەرابردوو هەروەها لە ئێستادا بەردەستن. پێشبینیکردن خودی ڕاستی نیە بەڵکو نزیکبوونەوەیە لەڕاستی [2].

کیلی سەبارەت بەپێشبینی دەڵێت: "مرۆڤایەتی لەچاوەڕوانیدا دەژی، ئەوەی کۆنترۆڵی ژیانمان دەکات پێشبینیکردنە بۆ داهاتوو هەروەها باوەڕبوونمان بەوەی هەڵبژاردەکانمان بۆ کوێ دەمانبەن".

کاتل بۆ بابەتی پێشبینی دەڵێت: پێشبینیکردن ئەو ڕەفتارەیە تاك بەتەمایە بیکات لەهەڵوێستێکی دیاریکراودا.[3]

پێناسەی تیۆری بۆ پێشبینی: بریتیە لەپرۆسەی بونیادنانی چاوەڕوانیەکان لای تاك بۆ ئەوەی کەڕوودەدات لەداهاتوودا، ئەمەش بەپێی کۆمەڵێك زانیاری و سۆراغ کردن لەوکاتە و لەرابردوودا بۆ خودی ئەو بابەتەی دەویسترێت پێشبینی لەسەر بونیادبنرێت، بەم پێیە بێت ئەزموونی تاك و لێهاتوویی ڕۆڵێکی بەرچاودەگێڕن لەپرۆسەکەدا.

خوێندکاری زانکۆ: لەهەر کۆمەڵگەیەکدا خوێندکاران دادەنرێن بەگروپێکی دیاری ناو ئەو کۆمەڵگەیە لەرووی توانای زانستی و هێز و پسپۆییەوە کە هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگەن و بەخشینی هیوای داهاتوون لەوڵاتدا و سیمای نوێکردنەوەی تەواوی سێکتەرەکانی ژیان و بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لەئەستۆی ئەواندایە، سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی گەشەسەندن و بەرزڕاگرتنی مەشخەڵی سەرکەوتنن بۆ زانکۆ، لەرێگەی ئەو توانا زانستی و ئەکادیمیانەی زانکۆ پێی بەخشیوون بۆ مەبەستی سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵگە لە داهاتوودا[4].

بەشی کاری کۆمەڵایەتی: یەکێکە لەبەشەکانی سەر بەکۆلیجی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلیمانی، بەشێکی نوێیە و ساڵانە بەڕێژە و ژمارەی جیاواز خوێندکار وەردەگرێت و لەماوەی چوار ساڵی خوێندنیاندا خوێندکاران پاش دەرچوون لەم بەشە هەڵگری بڕوانامە دەبن لەزانستی کاری کۆمەڵایەتیدا و وەك پسپۆڕی کۆمەڵایەتی دەتوانن سوود بە دامەزراوە حکومی و ناحکومیە پەیوەندیدارەکان بگەیەنن.

---

[1] عبدالباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعي، مكتبة وهبة، دار غريب للطباعة، قاهرة، 1976، ص182.
[2] أحسان محمد الحسن وعبدالحسين زيني، الاحصاء الاجتماعي، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل. 1982. ص14.
[3] یوسف حەمەصالح مصطفی، کەسایەتیی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.هەولێر، ل348-355.
[4] أبتسام محمود محمد سلطان، المساندة الاجتماعية وأحداث الحياة الضاغطة، دار صفاء، عمان، 2009، ص15.

پیشە: بریتیە لەو خزمەتگوزاریانەی لەلایەن کەسێکەوە پێشکەش دەکرێن بەپێی کۆمەڵێك زانیاری و ئەزموونی پێشووتری ئەو کەسە و بەکاریان دەهێنێت کاتێك خۆیی و کۆمەڵگە پێویستیەتی. یان پیشە ئەو وەزیفەیەکە تاك هەوڵی بۆدەدات پێی بگات و ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان[5].

**بەشی دووەم- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:** لەم بەشەی توێژینەوەکەدا تیشك دەخرێتەسەر تیۆری تایبەت بەپێشبینیکردن هەروەها چۆنیەتی بەپراکتیکی کردنی پێشبینیکردن هاوکات جەختکردنەوە لەسەر هەندێك لەو توێژینەوانەی کاریان لەسەر گۆڕاوی پێشبینیکردن کردووە. پێشبینی لە زانستی کۆمەڵناسی و ئابووریدا زۆرتر لە زانستەکانی دیکە باسکراوە و وەك تیۆریایەك بەناوی تیۆری پێشبینی کاری لەسەر کراوە.

یەکەم- تیۆرەکانی پێشبینی: لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد تیۆری پێشبینی *expectancy theory* وا پێناسە کراوە، هەوڵدەدات ئەو مەرجانە دەستنیشان بکات کە پێویستن بۆ هاندانی تاك لەکاتی کارکردندا. هەر بۆیە تیۆرەکە بەستراوەتەوە بە چەمکی هاندانەوە[6]. تیۆرەکە لە دوو پرس دەکۆڵێتەوە: یەکەمین، کاتێك دوو ئەگەر دێتەپێش، کامە ئەگەر هەڵبژێرین. دووەمین، کاتێك ئەگەرێکمان هەڵبژارد، چەندە هاندانمان هەبێت تا بەداوی ئەو ئەگەرەدا بڕۆین. بۆیە ئەم تیۆرە ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە چ گریمانە یان ئاراستەیەك هەڵبژێرین، هاوکات چەندە پێداگرو سوور بین بۆ جێبەجێکردن یان بەئەنجامگەیاندنی ئەو هەڵبژاردنە. لە تیۆری پێشبینیدا باس لەوە دەکرێت، هەمیشە تاك لەنێوان چەند هەڵبژاردنێکدا، هەڵبژاردنە سەرنجڕاکێشەکە هەڵبژیرێت، هەتا هەڵبژاردنەکە سەرنجڕاکێشتر بێت، زیاتر و فرەتر هانمان دەدات بەدوای ئەنجامەکەیدا بڕۆین. لەلایەکی دیکە و بەپێی ئەم تیۆرە تاك چونکە کەسێکی عەقڵانییە، بۆیە هەمیشە هەڵبژاردنەکانی عەقڵانی و لۆجیکییە[7]. هاوکات تیۆری پێشبینی گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەنجامە کۆتاییەکانی هەر هەڵسوکەوتێک لەژێر کاریگەری پێشبینیەکانی پێشوودایە و پێشبینی بۆ هەر ئەنجامێك، زۆرجار بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی ئەنجامەکە ڕوو بدات[8].

تیۆری پێشبینی لە لایەن هەر یەك لە <u>ڕۆتەر لە 1954</u> و <u>باندۆرا</u> و <u>ڤرۆم</u>لە 1964 باسکراوە. ڕۆتەر یەکەمین کەسە باس لەوە دەکات کە پەیبردن لەپاڵ بەهای پتەوکردن (*التعزيز*، *reinforcement*) ڕۆڵی هەیە لە پێشبینی ڕەفتاری مرۆڤدا. لێرەوە ڕۆتەر پێناسەی پێشبینی دەکات و ڕای وایە پێشبینی ئەگەرێکە تایبەت بە خودی ئەو کەسە کە پەی پێبردووە و دەبێت هەڵوێستێکی دیاریکراو بنوێنێت تا هەڵوێستی خۆی پێ بەهێز بکات. نواندنی ڕەفتاری هەر کەسێك وەستاوە لەسەر پەیبردنی ئەو کەسە کە چۆن ئەو ڕەفتارەی پتەو کردووە هەروەها پێشبینی پاداشت و بەهای ئەنجامی ئەو ڕەفتارەشی کردووە. لای ڕۆتەر پێشبینی کەسێك بۆ ڕووداوێك لە پێشبینی کەسێکی دیکە بۆ هەمان ڕووداو جیاوازە و ئەزموونی پێشووی هەرکەسێك کاریگەری تەواوی لەسەر پێشبینیەکانی ئەو کەسە هەیە. دواجار ڕۆتەر چەمکی پێشبینی سەرکەوتووی بەکارهێناوە و دەڵێت:

---

[5] رزگار مصطفى غفور، الرضا الوظيفي للاخصائي الاجتماعي وعلاقته بالكفايا لمهنية (دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)، أطروحة دكتورا غيره منشورة، جامعة سليمانيه، قسم الخدمة الاجتماعية، 2013، ص15.

[6] expectancy theory : https://www.oxfordreference.com/display/10.1093/oi/authority.20110803095804926

[7] يمان نعساني: نظرية التوقع وتأثيرها على الدافعية في العمل https://academy.hsoub.com/entrepreneurship/organizational-behavior-نظرية-التوقع-وتأثيرها-على-الدافعية-في-العمل-r624/

[8] Xavier Unda, Valentina Ramos: EXPECTANCY THEORY APPLIED TO AN EDUCATIONAL CONTEXT: A LONGITUDINAL STUDY APPLIED IN POSTGRADUATE COURSES·July 2016 https://www.researchgate.net/publication/305704536

هەندێك کەس پێشبینی نزم و کەمی هەیە بۆ سەرکەوتن و پتەوکردن، بەڵام هەندێکی دیکە پێشبینی بەرز و باڵاو ئەرێنی هەیە بۆ هەمان پتەوکردن.

باندۆرا بەشێوازێکی دیکە دەڕوانێت لە بابەتەکە. ئەو باوەڕی وایە خۆکاریگەری (الکفائة الذاتیة self-efficacy) ڕۆڵی زیاتر دەبینێت لە پێشبینی و زیاتر لە ڕۆتەر کار لەسەر ئەنجام دەکات. خۆکاریگەری لای باندۆرا پێناسە کراوە بە: "چۆن خەڵک لەسەر بنەمای تواناکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ واقیعە جیاوازەکان دەکات" و ئەو کەسانەی کە خۆکاریگەرییان زیاترە ئاستی پێشبینییان بەرزە چونکە لەو باوەڕەدان زیاتر دەگەن بە سەرئەنجام و خەونەکانیان بەدیدەهێنن، بەپێچەوانەوە، ئەوانەی کە خۆکاریگەرییان نزمە و تواناکانیان لەبواری سەرمایەی مەعریفی و مادیی لاوازە، ئەوا ئاستی پێشبینییان نزمە. لە لایەکی دیکە باندۆرا چەمکی پێشبینی ئەنجامی *(outcome expectancy)* بەکارهێناوە و لە پێناسەیدا بۆ ئەم چەمکە پێیوایە، پێشبینی ئەنجام خەمڵاندنی کەسێکە بۆ هەڵوێستێك یان ڕەفتارێك کە دەبێتە هۆی ئەنجامێکی دیاریکراو لە داهاتوودا.[9]

تیۆری پێشبینی لە لایەن پسپۆرانی بوای کار و شوێنی کارکردن زۆرتر گرنگی پێدراوە بەتایبەت لەسەر دەستی ڤیکتۆر ڤرۆم کە لە 1964 نوسراوەو دواتر لەلایەن زانایانی دیکە زیادەی خراوەتە سەر. لەم بوارەدا تیۆری پێشبینی چوار گریمانەی بۆ کارمەند هەیە: گریمانەی یەکەم: خەڵکی کاتێك پەیوەندی بە دامەزراوەیەك دەکەن لە پێشبینیانەوەیە بۆ ئەزمونی پێشووی ئەو دامەزراوەیە. گریمانەی دووەم: ڕەفتاری هەر تاکێك لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پڕ ئاگایی ئەو کەسەوەیە بۆ ئەو ڕەفتارە کە پێش بوون بەڕەفتار پێشبینی بووە. گریمانەی سێیەم: کاتێك کەسێك پەیوەندی بە دامەزراوەیەك دەکات، ئەوا پێشبینی شتی جیاواز لەو دامەزراوەیە دەکات لەوانە موچە، ئاسایشی کار، پێشکەوتن و ئاڵەنگاری. گریمانەی چوارەم: خەڵك لەنێوان چەند بژاردەیەکی پێشبینیەکراودا ئەوە هەڵدەبژێرن کە ئەنجامی باش بۆ خۆیان بەدەست دەهێنێت.

تیۆری پێشبینی لای ڤرۆم پەیوەندی بە چەمکی هاندانەوە Motivation هەیەو باوەڕی وایە لەکاتی پرۆسەی هاندانی کەسێك یان خەڵکی بۆ کارێك ئەوا تاك یان خەڵك پەیوەندی دروستدەکەن لەنێوان ئەو هەوڵەی دەیدەن (هەوڵدانEffort) لە کارکردن و ئەو ئەدا و نمایشەی لە کارکردن دەینوێن (ئەداPerformance) و ئەو خەڵات و هاوشانیەی بەدەستی دەهێنن (هاوشانی Valence ). واتا خەڵك دەتوانرێت هانبدرێت کاتێك پێشبینی ئەوە بکەن کە هەوڵی زۆر، نمایش باشتر دەکات و نمایش و ئەدای باش، خەڵاتی هاوشانی هەوڵ و ماندوبونەکەی بەدوادا دێت.

**Instrumentalityئامراز** **Expectancyپێشبینی**

**Valence هاوشانی-------------------Performance نمایش-------------------- Effortهەوڵ**

بە پێی ئەم تیۆرە، پێشبینی Expectancy واتە پێشبینی کەسێک بۆ هەوڵ و نمایشی خۆی لەکارێکدا. بەپێی ئەم تیۆرە هەندێك کەس باوەڕی وایە هەرچەند هەوڵ بدات و خۆی ماندوو بکات ئەوا ناتوانێت نمایشێکی باش ئەنجام بدات، ئەوانە پێشبینیان لاوازە. بە پێچەوانەوە خەڵکێکی دیکە هەیە باوەڕێکی بەهێزیان بەو ئەگەرە هەیە کە هەوڵ بدەن ئەوا دەتوانن نمایشێکی باش و کارا بکەن، ئەم جۆرەیان پێشبینی بەرزە. بۆنمونە خوێندکاران دابەشدەبن بەسەر ئەم دوو جۆرەدا و هەندێکیان پێیان وایە گەر کۆشش بکات ئەوا کارا دەبێت و نمایشی جوان پیشاندەدات لە پۆلدا. بە پێچەوانەوە هەندێکی دیکە وا پێشبینی دەکەن کە

---

[9] David L. Palenzuela :The Expectancy Construct Within the Social Learning Theories of Rotter and Bandura:t A Reply to Kirsch's Approach

هەرچەند کۆششیش بکات ئەوا نمایشی هەر بەلاوازی دەمێنێتەوە و ئەمانە هیچ پەیوەندییەك نادۆزنەوە لەنێوان هەوڵدان و ئاستی نمایشکردن و ئەمانە پێشبینییان نزمە.

ڤرۆم پێشبینی نمایش و سەرئەنجامی بە ئامراز Instrumentality ناوی بردووە کە بریتییە لە پەیبردن و درککردن بە پەیوەندی نێوان نمایش و سەرئەنجام. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئەگەر نمایشێکی بەرز ئەنجام بدەیت، سەرئەنجامەکەی چییە؟ پێشبینی چی دەکەیت؟ لێرەدا هەمان نمونەی خوێندکاران دەخەینە ڕوو، خوێندکاران دوو بەشن، هەندێکیان پێشبینی ئەوە دەکەن ئەگەر نمایشێکی بەهێز و کارای هەبێت ئەوا نمرەیەکی بەرز بەدەست دەهێنێ و سەرئەنجامەکەی بریتیە لە دامەزراندن یان ئیشێکی باش. بۆیە ئەمە لە گروپی ئاستی پێشبینی بەرز دادەنرێن. بەپێچەوانەوە بەشی دووەم پێشبینی ناکات کە پەیوەندی هەبێت لەنێوان نمایش و سەرئەنجام و ئەو باوەڕی وایە کە نمایشی کارا سەرئەنجامی نمرەی بەرز و دامەزراندن نیە بەڵکو کۆمەڵێك شتی دەرەوەی تاك سەرئەنجام دیاریدەکات، ئەم گروپە پێشبینی نزمە.

هەرچی هاوشانی (التكافؤ- valences)یە بەڕای ڤرۆم واتا ئاستی سەرئەنجام، ئایا سەرئەنجامەکە هاوشانی هەوڵ و نمایشەکەیە کە ئەنجامدراوە یان هاوشانی ئەو هەوڵ و نمایشە نیە یان سەرئەنجامەکە ئەرزش و بایەخی نیە. پلە بەرزکردنەوە، زیادکردنی موچە، پەسەندکردنی هاوڕێکان، ناسینەوە لەلایەن سەرپەرشتیاران، یان هەر خەڵاتێکی تر لەلایەن کەسەکانەوە وەك پێوانە دانراوە بۆ هاوشانی هەوڵ و ئەدا. لێرەدا کەسەکان دوو جۆربیرکردنەوەیان هەیە بۆ پێشبینی سەرئەنجام. جۆری یەکەم ئەوەیە کە بەڕێوەبەر یان سەرۆك ئاستی هاوشانی وهەوڵ و کارایی ئێمە دەستنیشان دەکەن و هەر ئەوان سەرکەوتن و شکستی ئێمە دیاریدەکەن کە ئەمە پێ دەوترێت (extrinsic outcomes) و ئەم جۆرە کەسانە تواناکانیان کەمەو پێشبینیەکانیان بە چانس و ڕێکەوت و قەدەرەوە گرێداوە. لەبەرامبەردا جۆری دووەم هەیە کە خودی کەسەکان سەرئەنجام و هاوشانی خۆیان دیاریدەکەن و خۆیان مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتن و شکستی سەرئەنجام دەکەن، ئەم جۆرەیان پێشبینی بەرزە (outcomes intrinsic).

لە کۆتایدا ڤرۆم پێشنیاری ئەوە دەکات کە هاندان، پێشبینی، نمایش و هاوشانی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و بۆ ئەوەی هاندان هەبێت دەبێت پێشبینی و نمایش و هاوشانی هەبێت. بەپێی ئەم هاوکێشەکە: هاندان Motivation = پێشبینی x نمایش x هاوشانی[10].

جیاواز لەوانەی پێشوو (ریموند ب.کاتیل 1905-1998) وا تەماشای ڕەفتاری مرۆیی دەکات بەکردارێك کە دەکرێت پێشبینی پێوەبکرێت، بەجۆرێك ئەگەر زانیاریمان هەبوو دەربارەی سیفەتەکانی کەسایەتی دەتوانین پێشبینی بکەین بەوەی چۆن تاك ڕەفتاردەکات، ئەوکاتەش دەتوانین کۆنترۆڵی ئەو ڕەفتارە بکەین. کاتیل ئاماژەی داوە کەوا هاوسەرە ژنەکان دەتوانن بەوردی و تاڕادەیەکی باش پێشبینی بەرەفتاری مێردەکانیان بکەن لەهەڵوێستە دیاریکراوەکاندا، لەبەرئەوەی ڕەفتاریان لەڕابردوودا جێگیربووە و بەپێی یاساکان و ڕێکاریانە دەڕوات بەڕێوە کە ئەمان ئاشنان پێی[11]

دووەم- بەپراکتیککردنی تیۆری پێشبینی: بەپێی تیۆری پێشبینی، دوو مەرج نمایشی تاك باش دەکات، مەرجی یەکەم، کاتێك تاك دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە هەوڵی باش نمایش باش دەکات، مەرجی دووەم، نمایشی باش پەیوەندی بە سەرئەنجامی باش

---

10 Fred C. Lunenburg : Expectancy Theory of Motivation: Motivating by Altering Expectations, INTERNATIONAL JOURNAL OF MANAGEMENT, BUSINESS, AND ADMINISTRATION VOLUME 15, NUMBER 1, 201

11 دوان شلتز، نظريات الشخصية، ترجمة: حمد دلي الكربولي و عبدالرحمن القيسي، مطبعة جامعة بغداد، 1983، ص359.

هەیە و نمایشی خراپ پەیوەندی بە سەرئەنجامی خراپ هەیە. نەبوونی هەریەك لەم دوو مەرجە هۆکارە بۆ نزمبونەوەی ئاستی پێشبینی. بە پێچەوانەوە، باوەڕێکی باوی نێو کۆمەڵگە هەیە لە بواری پێشبینیداو زۆر دووبارە دەبێتەوە کە خوێندکار یان کارمەندێك وا هەستدەکات کە سەرئەنجامی باش پەیوەندی بە هەوڵ و نمایشی بەرزەوە نییە، یان سەرئەنجامی خراپ پەیوەندی بە هەوڵ و نمایشی خراپەوە نییە. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە، دامەزراوەکان کە زانکۆ بێت یان کۆمپانیا یان هەر دەزگایەکی دیکە، پابەندن بە باوەڕی مامەڵەکردن بە پێوەری یەکسانی نەك پێوەری ویژدان (انصاف- justice) . بە پێوەری یەکسانی پێویستە سەرجەم خوێندکار یان کارمەندەکان هەمان پاداشت وەربگرن و یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. خۆ ئەگەر خوێندکار یان کارمەندێك شتێکی زیاتر وەربگرێت ئەوا دۆخی ئەو دامەزراوەیە دەشێوێت و هەستی جیاکاری دروست دەکات. بەڵام ئەم جۆرە مامەڵەیە جیاوازی لە سەرئەنجامدا دروست ناکات، کاتێك سەرئەنجام وەك یەك بوو، کەسەکان دەگەنە ئەو باوەڕەی کە هەوڵ و کارایی زیاتر هیچ بایەخ و رۆڵی نیە، ئەمەش وادەکات پێشبینی و هاندان نەبێت و ئەو دامەزراوەیە دوابکەوێت و لە کایەی ململانێ لەگەڵ بەرامبەرەکانی دوابکەوێت.

بۆیە بەپێی تیۆری پێشبینی وا لەسەر دامەزراوەکان بە زانکۆشەوە پێویست دەکات، کە پەیوەندی دروست بکەن لە نێوان هەوڵ و نمایش لەبەرامبەر سەرئەنجام. دامەزراوەکان توشی لەدەستدانی پێشبیتی و هاندان دەبن گەر کار لەسەر باوەڕی یەکسانی بکەن و وای بۆ بچن گەر هەموو خوێندکار یان کارمەندان وەك یەك سەیر بکرێت ئەوا هەستی ڕازی بوون لەو دامەزراوەیە زیاتر دەکات. بۆیە پێویستە لەسەر دامەزراوە کار بە باوەڕی ویژدان یان وردتر هاوشانی بکات، هەر خوێندارێك و هەر کارمەندێك هەوڵ و نمایشەکەی هاوشانی سەرئەنجامەکەی بکرێت[12].

سێیەم- توێژینەوەکانی بواری پێشبینی: تیۆری پێشبینی لەچەندین بواردا خراوەتە گەڕ لەوانە: بواری هاندان لە کارکردن، هەڵبژاردنی پیشە، هەڵبژاردنی پێش دامەزراند، فرۆشتن، بەڕێوەبەردنی کار، پیشەسازی، چاودێری تەندروستی، بەڕێوبردنی پرۆژە، بواری ئەکادیمی، ووزە، هەڵسوکەوتی ژینگەدۆستی، بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان. ئێمە لێرەدا چەند توێژینەوەیەك دەخەینە ڕوو کە تیۆری پێشبینییان بەکار هێناوە لەوانە:

توێژینەوەیەك لە بواری کاری خۆبەخشی بەناونیشانی: "ڕوانگەی تیۆری پێشبینی لە کاری خۆبەخشیدا"، لەلایەن جەیمس جەی زبۆجا، ڕالف دبلیو جاکسۆن، و مارشا گریمس-ڕۆز. نوسراوە، گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو کەسانەی خۆبەخشانە بە شێوەیەکی بەردەوام کاردەکەن، پێشبینی ئەرێنییان هەیە بەرامبەر بە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان و بەرامبەر بە یارمەتیدانی کەسانی دیکە بە گشتی[13].

لە توێژینەوەیەکی دیکە کە هەردوو توێژەر زاڤیر ئوندا، ڤالێنتینا ڕامۆس بەناونیشانی: "پێشبینی لە چوارچێوەیەکی پەروەردەیدا، لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن لە کۆرسەکانی دوای دەرچوون"، کە بۆ خوێندکارانی خوێندنی ماجستێر کراوە و پرسیاریان لێکراوە لە پێشبینی لەپێش دەرچوون و پێشبینی لە دوای دەرچوون. ئەم توێژینەوەیە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە پێشبیکردن سوودبەخشە بۆ تێگەیشتن لەپرسە پەروەردەیی و ئەکادیمیەکان ، بەپێی توێژینەوەکە ئەگەر پرۆسەی پەروەردە

---

[12] یمان نعساني: نظرية التوقع وتأثيرها على الدافعية في العمل
https://academy.hsoub.com/entrepreneurship/organizational-behavior/نظرية-التوقع-وتأثيرها-على-الدافعية-في-العمل-r624/

[13] James J. Zboja, corresponding Ralph W. Jackson, and Marsha Grimes-Rose :An expectancy theory perspective of volunteerism: The roles of powerlessness, attitude toward charitable organizations, and attitude toward helping others Published online 2020 Aug 17. doi: 10.1007/s12208-020-00260-5
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC7429944/

لەگەڵ پێشبینیە سەرەتاییەکانی خوێندکار هاوتا نەبێت ئەوا نارەزایەتی لە تەواوی ئەزموونەکە دروست دەکات. بۆیە پێشبینیە سەرەتاییەکانی خوێندکار لە هەر بەشێکدا بێت گرنگە بۆ بەدیهێنانیانی ئەنجامی باشتری ئەو بەشە[14].

هەروەها هەردوو توێژەر رۆبرت لوید و دانیاڵ مێرتنێس لەبواری ئیشکردندا توێژینەوەیەکیان لەسەر کاریگەری پێشبینیکردن نوسیوە جەختیان لەسەر چوارچێوەی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە. گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر پێشبینی کرێکار یان کارمەند هەیە و پێشبینیش کاریگەری لەسەر هاندانی کارکردن هەیە. لێرەوە خاڵی چوارەمیان بۆ تیۆی ڤرۆم زیادکردووە لەپاڵ هەوڵ و کارایی و هاوشانی، ئەویش بارودۆخی کۆمەڵایەتییە. بەڕای ئەوان، بەدرێژایی مێژووی 130 ساڵی پیشووتری هاندانی کارکردن ئەوە دەرکەوتووە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەبار بۆ کرێکار زۆر باشترە لە پێدانی خەڵات وپارە و پێشبینی کرێکار بەرزتر دەکاتەوە[15].

توێژەرانی بواری وەرزش لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بۆ پێشبینی وەرزشی زیاتر لەسەر بەهای پێشبینی وەستاون. لەساڵی 1984 بە ڕابەرایەتی ئیکلیس کۆمەڵێکی دیکە لە هاوکارانی لە بواری وەرزش چەمکێکی تریان داهێنا بەناوی مۆدێلی بەهای چاوەڕوانکراوی ئیکلیس Eccles Expectancy-Value Mode (EEVM) . پاشان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێشبینی لە ژێر کاریگەری نۆرم و چەشنە کولتوورییەکان، ئەزموونەکان، تواناکان و بیروباوەڕە کەسییە گشتییەکاندا دروست دەبن. لێرەدا وورددتر لە باندۆراو بە پشتبەستن بە توێژینەوە پراکتیەکەکان کە بۆ ماوەی زیاتر لە 40 ساڵ بەردەوام بوو لەبوای پێشبینی وەرزشی. گەیشتنە ئەو باوەڕی کە بەهای پێشبینی بۆ چوار ڕەگەز دابەش دەبێت:

1. بەهای گرنگپێدان: ئەو چێژەی تاك بەدەستی دەهێنێت لەئەنجامی گرنگیدان و هەڵبژاردنی جۆرێك لە جۆرەکانی وەرزش.
2. بەهای قازانج: بەهای سوودی ئەو وەرزشە یان ئەو چالاکیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دوور یان نزیك مەودا.
3. بەهای خۆبینینەوە: واتە پەیوەندی نێوان ئەو کارە و هەستکردنی تاك بە ناسنامەی خۆی.
4. تێچوون: واتا تەکلیفە و تێچوون یان باجێك کە وەرزشکار دەبێت لە ژیانی خۆیدا بیدات لەپێناو دەستبەرداربوون لە جۆرێك وەرزش و هەڵبژاردنێکی وەرزشێکی دیکە.[16]

**باسی دووەم- لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

**بەشی سێیەم- چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم بەشەدا توێژەر هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر هەریەك لە میتۆدی بەکارهاتوو، کۆمەڵگە و نمونە، بوار و ئامرازی توێژینەوەکە.

[14] Xavier Unda, Valentina Ramos: EXPECTANCY THEORY APPLIED TO AN EDUCATIONAL CONTEXT: A LONGITUDINAL STUDY APPLIED IN POSTGRADUATE COURSES· July 2016 https://www.researchgate.net/publication/305704536

[15] Robert Lloyd. Daniel Mertens: Expecting more out of Expectancy Theory: History urges inclusion of the social context, January 2018 CITATIONS 55 READSs https://www.researchgate.net/publication/325176363

[16] Expectancy-Value Theory https://psychology.iresearchnet.com/sports-psychology/sport-motivation/expectancy-value-theory/

میتۆدی توێژینەوەکە: ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵە ڕێ و شوێنە زانستییەی کە توێژەری ئەکادیمی دەیگرێتەبەر تاوەکو توێژینەوەکەی بەئاراستەیەکی دروستی زانستیدا تێپەڕێت. بەشێوەیەکی گشتی لە توێژینەوە مرۆییەکاندا دوو میتۆدی سەرەکی بەرچاو دەکەوێت ئەوانیش میتۆدی چۆنیەتی (Method Qualitative) و میتۆدی چەندێتی (Quantitative Method)[17]، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی بەکارهاتوو میتۆدی چۆنیەتیە.

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری: بریتیە لە چاوپێکەوتن، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ئامرازە بەدەر لەئامرازەکانی تر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە چاوپێکەوتندا توێژەر ئەتوانێت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکات لەسەر هەڵچوونەکانی لێتوێژەر و هەروەها پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ دروستبکات کە هاوکاربێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری وورد و تەواو تا لە ئەنجامدا بەتەواوی لەهەڵوێستەکان تێبگات و وەڵامێکی دروستی هەموو ووردەکاییەکانی بابەتەکە بداتەوە، لایەنێکی تری باشی ئەم ئامرازە ئەوەیە کاتێك توێژەر خۆی بەشداری ڕاستەوخۆی ئەبێت لە چاوپێکەوتنەکاندا تێگەیشتنێکی باشتری ئەبێت بۆ بابەتەکە یان هەندێك خاڵ و پۆینت کە ئەو درکی پێی نەکردووە لەڕێگەی چاوپێکەوتن، لێتوێژەران جەختی لەسەر ئەکەنەوەو بابەتەکە زیاتر قوڵدەکاتەوە[18]. بەپێی ئەوەی توێژینەوەکە بەدواداچوون لەسەر (پێشبینی خوێندکاران بۆ داهاتووی پیشەییان) دەکات، بۆیە توێژەر بەپێویستی زانی کە چاوپێکەوتن لەگەڵ (15) خوێندکاری قۆناغەکانی سێیەم و چوارەمی بەشی کاری کۆمەڵایەتیدا ڕێکبخات. تیایاندا (9) خوێندکاری قۆناغی چوار و (6) خوێندکاری قۆناغی سێ بەشداربوون، هەڵبژاردنی قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم بەدەر لەقۆناغەکانی یەکەم و دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندکاران لە قۆناغەکانی سێیەم و چوارەمدا بەڕادەیەکی باش دەبێت ئامادەکرابن بۆ داهاتوویی پیشەییان و زانیاری باشیان پێدرابێت سەبارەت بەداهاتووی پیشەییان تاوەکو ئێمەش بتوانین لەو ڕێگەیەوە بچینە ناو ووردەکاری پێشبینیەکانیان بۆ ئەو بابەتە. توێژەر لەبەرنامەیدابوو قەبارەی چاوپێکەوتنەکانی بەرفراوانتر بکات و ژمارەیەکی زیاتر وەربگرێت بەڵام لەدوای ئەنجامدانی (10) چاوپێکەوتن هەنگاو بەهەنگاو پرۆسەی تێربوون دەردەکەوت. بۆیە بە (15) چاوپێکەوتن وەڵامی تەواوی ئامانجەکان و دەرکەوتنی ئەنجامەکان بەتەواوی ڕوونبوونەوە. هەروەها تەواوی چاوپێکەوتنەکان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجامدراون لەبەرهۆکاری نەبوونی دەوامی زانکۆ و بایکۆت کە هەر چاوپێکەوتنێکی تەلەفۆنی (25-30) خولەکی خایاندووە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی- بەشی کاری کۆمەڵایەتی، قۆناغی سێیەم و چوارەم، بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024)، بەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.

نمونەی توێژینەوەکە: پێکهاتووە لە (15) خوێندکاری بەشی کاری کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024) بەو شێوەیەی لەخشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (1)**

**وەسفی نمونەی توێژینەوەکە**

| ژمارەی چاوپێکەوتنەکان | قۆناغی خوێندن | ژمارەی چاوپێکەوتنەکان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن | ڕەگەزی بەشداربووان | |
|---|---|---|---|---|
| **15** | **4** | **9** | **مێ** | **6** |
| | | | **نێر** | **3** |

[17] چنورقادری و ئەوانیتر، دەروازەیەك بۆ کاری کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2021، لا73.

[18] ذوقان عبيدات و سهيلة أبو السميد، البحث العلمي (البحث النوعي والبحث الكمي)، دار الفكر، عمان، 2002، ص76.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 3 | 6 | مێ | 5 |
| | | | نێر | 1 |
| | | 15 | | 15 |

**بوارەکانی توێژینەوەکە:**

1.بواری شوێن: زانکۆی سلێمانی وەك دامەزراوەیەکی فەرمی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، تیایدا کۆلیجی زانستەمرۆ ڤایەتیەکان- بەشی کاری کۆمەڵایەتی بواری شوێنی توێژینەوەکە دەگرێتەخۆ.

2.بواری مرۆیی: خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی- کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتیەکان- بەشی کاری کۆمەڵایەتی- قۆناغی سێیەم و چوارەم.

3.بواری کاتی: واتە ئەو ماوەیەی بۆ ئەنجامدانی کارە مەیدانییەکان پێویستبووە، لەبەرواری 2/20/ 2024 بۆ 202/4/1 4 خایەندووە.

چۆنیەتی بونیادنانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەتوێژینەوەکەدا: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە چاوپێکەوتن کە بۆ بونیادنانی ئەم ئامرازە پشتبەستراوە بە جێبەجێکردنی هەریەك لەم هەنگاوانەی خوارەوە:

1. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و ئەوسەرچاوە تیۆریانەی کەباس لەبابەتی پێشبینیکردن دەکەن.
2. چەند توێژینەوەیەکی پێشووتر، لەسەر بابەتی پێشبینیکردن ئەنجامدراون لەبوارە جیاوازەکاندا.
3. پێشکەشکردنی سێ پرسیاری کراوە بەسەر خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی ، تاوەکو لەرێگەی ئەو پرسیارە کراوانەوە هەگبەی خوێندکاران لەسەر بابەتەکە بزانین و سەرچاوەبێت بۆ بوونیادنانی چەند پرسیارێك لەچاوپێکەوتنەکاندا.
4. پاشان دواتر شێوەی کۆتای چاوپێکەوتنەکان هاتە بەرهەم کە لە پاشکۆی (1)دا خراوەتەڕوو.

**بەشی چوارەم- خستنەڕووی ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان و وەڵامدانەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:** لەم بەشەدا تەواوی وەڵامی پرسیارەکانی ناو چاوپێکەتنەکان و هاوکات وەڵامی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و پەیوەندی لەنێوان تیۆرەکان و توێژینەوە پێشینەییەکان بەچاوپێکەوتنەکانی خوێندکارانەوە بۆ بابەتی پێشبینیکردن دەخەینەڕوو:

یەکەم: تەواوی ئەوپرسیارانەی بۆ چاوپێکەوتنەکە ئامادە کرابوون خۆیان لە (9) پرسیاری کراوەدا دەبینیەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**<u>پرسیاری یەکەم:</u>** بەرلەهاتنت بۆ بۆ بەشی کاری کۆمەڵایەتی پێشبینیت چی بوو بۆ ئەم بەشە؟ ئەگەر کات بگەڕێتەوە هەمان بەش هەڵدەبژێریت؟

وەڵامەکانی ئەم پرسیارە: بەپێی ئەو وەڵامانەی کە لە چاوپێکەوتنەکانەوە توێژەر دەستی کەوتووە بۆ ئەم پرسیارە دەتوانین دابەشکردنێك بکەین کەتیایدا :

- لە (12) چاوپێکەوتندا خوێندکاران لەبەر ئەوەی هیچ زانیارییەکیان نەبووە لەسەر بەشەکە بۆیە هیچ پێشبینیەکی پێش وەختەیان نەبووە سەبارەت بە بەشی کاری کۆمەڵایەتی. لەنێو ئەم وەڵامەشدا کە خوێندکاران ئاماژەیان پێداوە، سۆراغ و بەدواداچوون نەبووە لەسەر بەشەکە بەڵکو بەهۆی چەند خاڵێکەوە بووە:

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- لەنێو ئەو (12) چاوپێکەوتنەدا خوێندکارمان هەیە دەڵێت، لەبەر ئەوەی لە بەشێکی تر وەرگیراوم حەزم پێی نەبووەو گۆڕیومە بە بەشی کاری کۆمەڵایەتی و هەستمکردووە ئەم بەشە ئاسانترە، زۆرێك لە خوێندکاران ئاماژە بەوەدەدەن سەرەتا لەو باوەڕەدابوون کە بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانە و دەبنە مامۆستا لەداهاتوودا، هەندێکی دیکە وایانزانیوە بەشی دەروونناسیە و جەخت لەسەر دەروناسی دەکرێتەوە، خوێندکارێکی تر ئاماژە بەوەدەدات کە وایزانیوە بەشی کۆمپیوتەرە کە ئەمەیان زۆر زۆر جیاوازە.
- لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا (3) خوێندکار ئاماژە بەوە دەدەن، لەبەر ئەوەی سۆراغ و بەدواداچوونیان کردووە بۆ بەشەکە زانیاریان لەسەر کۆکردۆتەوە بەرلەهاتنیان بۆ ئەم بەشە خاوەنی پێشبینی تایبەت بەخۆیان بوون بەرامبەر بەشەکە. ئەوان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ئارەزووی کارکردنیان هەبووە. ئەوان پێشبینی ئەوەیانکردووە، لەم بەشەدا ئەو چانسەیان بۆ فەراهەمە لەداهاتوودا پسپۆری بدەستبهێنن لەسەر کێشەکانی ناو کۆمەڵگەو هاوکاری دەوروبەر بکەن. ئەم خوێندکارانە سەرچاوەی زانیاریەکانیان لەسەر کاری کۆمەڵایەتی زیاتر هاوڕێ و کەسوکار بووە کەپێشتر لەبەشی کاری کۆمەڵایەتیدا خوێندوویانە.
- تەواوی لێتوێژەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر کات بگەڕێتەوە، هەمان بەش هەڵدەبژێرنەوە و لەئێستادا پێداگریان هەیە لەسەر بەشەکە و جێی ڕەزامەندیانە. تەنها (2) خوێندکار نەبێت کە پێیان باشتربوو بەشە زانستی و پزیشکیەکانیان هەڵبژاردایەو گەر کات بگەڕێتەوە دەیگۆڕن چونکە هەلی کارکردن لە داهاتوودا بۆ ئەو بەشانە باشترە وەك لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی.

**<u>پرسیاری دووەم</u>**: ئەو پێشبینیانەی لەسەرەتای هاتنت بۆ ئەم بەشە هەتبوو بۆ کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ واقعی ئێستادا کۆکن؟)

وەڵامەکانی ئەم پرسیارە: بۆچوون و وەڵامدانەوەی خوێندکارەکان لەم پرسیارەدا دابەش دەبێت بۆ چەند لایەنێك:

- (4) خوێندکار لەچاوپێکەوتنەکاندا ئاماژە بەوەدەدەن، لەسەرەتای هاتنیان بۆ ئەم بەشە بۆچوون و پێشبینیەکانیان وابووە کە ئەم بەشە زیاتر مەیدانیەو کار لەسەر کێشەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی دەکات بەڵام لە ئەنجامدا وادەرنەچووە، ئێستا هەست دەکەن هەر تیۆییەو زۆر کەمتر جەخت لەسەر مەیدان دەکرێتەوە.
- (8) خوێندکار لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا تیشك دەخەنەسەر ئەوەی کە ئەو پێشبینیانەی لەسەرەتادا هەیانبووە بەتەواوەتی لەواقعی ئێستای خوێندنەکەیاندا بەدی دەکەن و جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ئەم بەشە زۆر سوودی هەبووە بۆ ژیانی تایبەتی و کەسایەتی خۆیان پێ بەهێزکردووە.
- (3) خوێندکار لەنێو چاوپێکەوتنەکەدا جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە بارودۆخی خوێندن لەم چەند ساڵەدا هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئەو پێشبینیانەی لەسەرەتای هاتنیان بۆ کاری کۆمەڵایەتی هەیانبووە نەیەتەدی و وەك پێویست نەبێت چونکە پەتای کۆرۆناو دواتر بایکۆت و تێکچوونی بارودۆخی خوێندن نەیهێشت وەك پێویست لەبابەتەکانی کاری کۆمەڵایەتی سوودمەند بین و چاوەڕێی شتی جیاواز و باشتریان لەم بەشە هەبوو، هەندێکجاریش بابەتەکان دووبارە دەبنەوە.

**<u>پرسیاری سێیەم:</u>** پێشبینی ئەوەدەکەیت، زانست و بروانامەی کاری کۆمەڵایەتی بەسوودبێت بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باش لەداهاتووتدا؟)

بۆ وەڵامەکانی ئەم پرسیارە: بەشێوەیەکی گشتی خویندکاران ئاماژە بەوەدەدەن:

- سوود لەم زانستە وەردەگرن بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باش لە داهاتوودا، زانستی کاری کۆمەڵایەتی هێندە بەرفراوانە تەنانەت بۆ ژیانی تایبەتی خۆیان و خێزانەکانیشیان لە داهاتوودا بەسوودە.
- بەڵام هەمانکات ئاماژە بەبارودۆخی ئێستەی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەدەن کە ڕەنگە هەروا بەئاسانی زانستی کاری کۆمەڵایەتی نەتوانێت ژیان مسۆگەر بکات چونکە لە ئێستادا دامەزراندن لە کەرتی حکومی بەتەواوی پسپۆڕیەکانەوە نزیکە لە وەستان، هەرچەندە خۆشبەختانە هەلی دامەزراندنی پسپۆرانی کاری کۆمەڵایەتی لەکەرتی تایبەتدا تارادەیەك باشترە لە زۆر پسپۆڕی بواری دیکە و شوێنی دەبێتەوە لەنێو دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومییەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا. خوێندکاران ئاماژەیان بەوە دا کە تواناو خۆکاریگەری و لێهاتوویی خودی خوێندکار ڕۆڵ دەبینێت لەم بابەتەدا.
- خوێندکاران جەخت لەوە دەکەنەوە بەهۆی گۆڕانکاری خێرای کە لە جیهان و لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویانداوە، کێشە و گیروگرفتەکان زۆر بووە، لە بەرامبەردا ناساندنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی زانستی کاری کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی بەرچاوی پسپۆڕان لە کۆمەڵگەدا، پێشبینی ئەوە دەکەن کە زانست و بروانامەی کاری کۆمەڵایەتی بەسوودبێت بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باش لەداهاتوودا.

**<u>پرسیاری چوارەم:</u>** (ئایا پێتخۆشە لەداهاتوودا لەبواری کاری کۆمەڵایەتیدا کاربکەیت و بیکەیت بەپیشەی خۆت؟)

وەڵامەکانی ئەم پرسیارە: تەواوی خوێندکاران جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە خولیاو ئارەزووی زۆریان هەیە بۆ کارکردن لەبواری کاری کۆمەڵایەتی لەداهاتوودا هەروەها باس لەهەندێك ووردەکاری کارکردن لەچوارچێوەی پیشەکەی خۆیاندا دەکەن و بەپێویستی دەزانین لێرەدا وەك خۆی ئاماژەی پێبدەین:

- "بەدڵنیاییەوە حەزدەکەم من ماندووبووم، کاتی خۆمم داوە بەم پسپۆڕیە ،چۆن حەزناکەم"،.
- "بەتەواوی خۆمی تیادا دەبینمەوە هەست دەکەم ووزەی ئەوەم تێدایە لەگەڵ مرۆڤدا کاربکەم و هاوکاری پێشکەش بکەم".
- "ئیش و کاری تایبەتی خۆمم هەبووە وازم لێهێناوە تاوەکو پەرە بەخوێندنەکەم بدەم و شارەزابم لەکاری کۆمەلایەتیدا".
- "زۆر حەز بەکارکردن دەکەم لەپسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتیدا چونکە هەستدەکەم باش ڕاهێنراوم بۆ ئەم کارە لەڕاهێنانی مەیدانیدا شارەزای چۆنیەتی کارکردن بووین سەرەڕای ئەو زانیاریانەی لەتیۆریشدا لەڕێگەی وانەکانمەوە وەرمگرتووە".
- "من خاوەنی کاری خۆمم کەداهاتێکی باشم لێیەوە دەستدەکەێت، ئەگەر کاری کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا بەقەد ئەو داهاتەم بۆ دابینکات بەدڵنیاییەوە پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرم".

**<u>پرسیاری پێنجەم</u>**: (بەڕای تۆ لەداهاتوودا زانستی کاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بەهێزکردن و بەتینکردنی دامەزراوەی تەندروستی و پەردەردەیی؟)

وەڵامەکانی ئەم پرسیارە: لەچاوپێکەوتنەکاندا (3) جۆری وەڵامدانەوەمان دەستکەوت:

- زۆرینەیان (10) چاوپێکەوتن، جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان و زۆربوونی کێشەکان، گرنگی زانستی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەردەکەێت و دەبێتە پێویستی لەنێو دامەزراوە تەندروستی

و پەروەردەییەکاندا، هەنگاوبەهەنگاویش ڕۆڵێکی بەرچاودەگێڕێت لەبەهێزکردن و بەتینکردنی ئەم دامەزراوانە، بەتایبەت لەدوای دەرکەوتنی هەندێك لەپسپۆڕانی چالاك و خاوەن کارامەیی لەنێو کۆمەڵگەو سۆشیاڵ میدیادا کەشوێن دەستیان دیارە و ناوناوبانگی بەشەکەیان زیاتر بەرزکردۆتەوە.

- هەندێك لە خوێندکاران (3) بۆ دامەزراوەی پەروەردەیی و خوێندنگەکان وەڵامەکەیان بەڵێیەو پێیان وایە لەداهاتوودا زانستی کاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە بەهێزکردن و بەتینکردنی کاری ئەم دامەزراوەیە چونکە مێژوویەکە توێژەران ووردە ووردە هاتوونەتە نێو کاری ئەم دامەزراوەیەوە، بەڵام بۆ دامەزراوەی تەندروستی پێشبینی ئەوتۆ ناکەن چونکە ئەو دامەزراوەیە کەمتر بڕوای بە کاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتیەو زیاتر کار لەسەر دەرمان و چارەسەرە مادییەکان دەکاتەوە.
- هەندێك لە خوێندکاران (2) جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە دامەزراوەی تەندروستی و دامەزراوە پەروەردەییەکان باوەڕێکی ئەوتۆیان بەکاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی نییە؟، بۆیە پێشبینی ئەوەناکەن لەداهاتوودا زانستی کاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبێت لەبەهێزکردن و بەتینکردنی دامەزراوەی تەندروستی و پەروەردەیی، وەك ئەوەی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا دەبینرێت. هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیە دەگەڕێننەوە بۆ نەناساندنی بەشی کاری کۆمەڵایەتی و وەزیفەو پیشەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی وەك پێویست لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

<u>**پرسیاری شەشەم**</u>: (بەڕای تۆ زیرەکی و کارامەیی و خۆکاریگەری لەلایەن خوێندکارانەوە، ڕۆڵی هەیە لەدابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ خوێندکار؟)

وەڵامەکانی ئەم پرسیارە:

- زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان (13) خوێندکار، ئاماژە بەوەدەدەن کەزیرەکی و کارامەی و خۆکاریگەری خوێندکار ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر لەدابینکردنی داهاتوویەکی باشتر دەبینێت. ئەوان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، هەندێك لەو خوێندکارانەی کە کارامەو لێهاتوون لەئێستاوە شوێنی کارکردنی خۆیان مسۆگەرکردووە. هەندێکی دیکە هەر بەونیازە خەریکی کاری خۆبەخشی و بەهێزکردنی سیڤیەکانیانن، ئەمە بەڵگەیە کە کارامەی خوێندکار ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت لە داهاتوودا. لەلایەکی دیکە تەواوی دامەزراوە ناحکومیەکان بۆ دامەزراند پێوەری لێهاتووی و توانای زیرەکی لەبەراو دەگرن، بۆیە خۆکاریگەری بۆ ژاینی باشتر گرنگە.
- لە (1) چاوپێکەوتندا جەختکرایە سەرئەوەی ناسین و خزمایەتی ڕۆڵی هەیە لەدابینکردنی داهاتوویەکی باش نەك کارامەیی وزیرەکی .
- لە (1) چاوپێکەوتندا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە چەنسەکانی دابینکردنی داهاتووی باش زۆر کەمە، پرۆسەی کارامەیی و زیرەکبوون و خۆکاریگەری و خۆدەرخستن لە زانکۆ و بەشەکاندا، بەهۆی بارودۆخی ناسەقامگیری ناوچەکە شێواوە، ئەوەی لەزانکۆدا فێری دەبێت و وەریدەگرێت زۆرکەمە و تەنها کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکان. بۆیە قورسە بڕیار لەسەر ئەوەبدرێت کە زیرەکی و کارامەیی لەلای خوێندکاران ڕۆڵی هەبێت یان نەیبێت لەدابینکردنی داهاتوویەکی باشتر.

<u>**پرسیاری حەوتەم:**</u> (ئایا بەشی کاری کۆمەڵایەتی بەوە پێشدەکەوێت کە خوێندکاران هەموویان بەیەك چاو سەیربکرێن لەدەرچوون و چالاکی و ....یان پێشکەوتنی بەشەکە بەوەدەبێت کە ڕکابەری دروستبکات لەدەرچوون و چالاکی و...؟)

وەڵامەکانی ئەم پرسیارە:

- وەلامی زۆرینە (9) خوێندکار لە چاوپێکەوتنەکاندا جەختکردنەوەبووە لەسەر ئەوەی کە دروستکردنی ڕۆحی ڕکابەری زۆر گرنگە لەهەموو بوارێکدا و گلەیی ئەوەیان هەبوو کەهەندێ کجار نادادییەك هەیە لەوەی جیاکاری ناکرێت و خوێندکار هەیە هیچ خۆی ماندوو ناکات و ئەنجامەشی هەمان شێوەی خوێندکارێکە کەخۆی ماندوو دەکات، بۆیە زۆر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، پێویستە جیاکاری هەبێت و لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویەکان بێت چونکە نەبوونی گیانی کێبەرکێ، پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون لەبەشەکەدا دەکوژێت.
- وەڵامی (2) خوێندکار لە چاوپێکەوتنەکاندا بەوشێوەیە بوو، پێویستە یەکسانی تەواوەتی جێبەجێ بکرێت بۆ مەبەستی پێشکەوتنی بەش چونکە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یەکسانیە ئەو خوێندکارانەی کە زۆر لێهاتوونین یان زۆر هەوڵنادەن کەشێکی وایان بۆ دەرەخسێت کە هەوڵبدەن هەروەها کێشەو گلەی و گازندەکانیش کەم دەبنەوە.
- وەڵامی (4) خوێندکار لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا بەوشێوەیە بوو، هەم یەکسانی و هەم جیاکاری پێویستە هەر یەکەیان بەپێی ئەو هەڵوێستانەی کەدێنە پێشەوە، بوونی هەبێت، چونکە دواجار هەموومان خوێندکارین و پێویستە یەکسان بین بەڵام کە خوێندکارێك هەوڵ و کۆششەکانی زیاترە دادپەروەری ئەوەیە نمرەی باشتری پێبدرێت بەڵام لە چالاکیەکدا دەبێت چانسی ئەوەهەبێت هەموو بەشداربێت یان بکرێت بەنۆرە بۆ هاندانی هەمووان و بەم شێوەیە بەشی کاری کۆمەلایەتی لە داهاتوودا پێش دەکەوێت.

**<u>پرسیاری هەشتەم</u>**: (بەپێی پێشبینی تۆ ژیانی باش بەهۆی مووچەوە مسۆگەر دەبێت یان بەهۆی ژینگەی لەبار بۆ کارکردن؟)
وەڵامەکانی ئەم پرسیارە:

- لەوەڵامی چاوپێکەوتنەکاندا (6) خوێندکار جەختیان لەوە کردەوە کەژیانی باش بەهۆی ژینگەی لەباری کارکردنەوە دەستەبەر دەبێت نەك مووچە، ئەم خوێندکارانە تیشکیان دەخستە سەر بارودۆخی ئێستەی مووچە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و بەتایبەت فەرمانبەرانی کەرتی حکومی کەچۆن گیرۆدەی نەدانی مووچە بوونەتەوە بۆیە ژینگەی لەباریان بۆ کارکردن لەمووچە پێباشتر بوو.
- لەوەڵامی (6) خوێندکاردا لای ئەوان ژیانی باش واتە ژینگەی لەباری کارکردن و مووچەی باش و هەردووکیان زۆر بەپێویست دەزانی بۆ پێشبینیکردن بەژیانێکی باش. لای ئەمان ژینگەی لەبار بۆ کارکردن زۆر گرنگە هەبێت بەڵام ژیان و داواکارییەکانی بەردەوام بوون لەژیان بەبێ مووچە گرانەو نەکردەیە.
- لەوەڵامی (3) خوێندکاردا لەچاوپێکەوتنەکان جەختیان لەگرنگی و ڕۆڵی مووچەی باش دەکردەوە بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باش بەتایبەتی لەئێستەدا کە دونیا بەرەو مادی بوون دەڕوات و پێویستی بە مووچە بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە و موچ و پاررە وێنەیەکی دیاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، بۆیە بەگرنگتریان دەزانی وەك لەژینگەی لەبار بۆ کارکردن.

**<u>پرسیاری نۆیەم</u>**: (پێشبینی دەکەیت ژمارەی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لەداهاتوودا زیاتربێت یان کەمتر؟بۆچی؟)
-لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا:

(12)خوێندکار جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە داهاتوودا پێشبینی ئەوەدەکەن ژمارەیەکی زیاتر لە خوێندکاران پێشکەشی ئەم بەشەی بکەن چونکە:

- چونکە بەشێکی تازەیە بەبەراوورد بەبەشەکانی تر.

- بواری کارکردن لەم بەشەدا فراوانەو هەروەها دامەزراندنی خوێندکارانی ئەم بەشە لە داهاتوودا لە دامەزراوەی ناحکومی و ڕێکخراوە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان بەبەراورد بەبەشەکانی تر باشترە.
- ئەم بەشە وانەکانی بەتەواوی تیۆری نین و خوێندکار حەزیان پێدەکات و شێوازی وانە خوێندن تیایدا زۆر پەیوەست نیە بە میتۆدێکی دیاریکراو و چەق بەستوو.
- ئەوانەی دێنە ئەم بەشە، ئەگەر بەشەکە هەلی کار دابین نەکات بەڵام لەلایەکیتر هەر سوودی ئەبێت بۆ داهاتووی ژیانی خۆیان و خێزانیان چونکە شارەزای شێوازی مامەڵەکردن دەبن لەگەڵ کێشەو گیروگرفتەکانی ژیاندا.
- بەهۆی دەرکەوتنی ئەم بەشە لەکۆمەگەدا بەتایبەتی لەڕێگەی سۆشیال میدیا و ئەوانەی لەم دواییانەدا ئەم بەشەیان تەواوکردووە، بونەتە کەسی دیاری ناو کۆمەڵگە ئەمەش خۆی بۆخۆی ڕیکلامێکی باش بووە بۆ بەشەکە.
- ناوبەناو بەشی کاری کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بەئەنجامدانی چالاکی و سیمینارو کۆنفرانس و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کە بۆخۆی ئەمە گرنگە بۆ ناوبانگ و دروستکردنی بەهایەکی باش بۆ بەشەکە.
- لەسەر ئاستی جیهان، لە ئێستادا زۆر باس لەپسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی و پێگەو کارەکانی دەکرێت.

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا (3) خوێندکار جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، لە داهاتوودا پێشبینی ئەوەدەکەن ژمارەیەکی کەم لە خوێندکاران پێشکەشی ئەم بەشەی بکەن چونکە:

- دامەزراندن لەدامەزراوە حکومیەکاندا بۆ ئەم بەشە وەك تەواوی بەشەکانی تر لەئێستادا ڕاگیراوە.
- ساڵی پار ئەم بەشە وەك هەندێك لەبەشەکانی تر ژمارەیەکی کەمی خوێندکار بۆهاتووە.
- هێشتا وەك پێویست لە کۆمەڵگەدا نەناسراوەو زۆرجار دەوروبەر پرسیاری ئەوە دەکەن کەلەداهاتوودا دەبین بەچی و خوێندکار وەڵامی کۆنکرێتی بۆ ئەو پرسیارە نیە.
- خولیاو حەزی خوێندکاران لە ئێستادا لەسەر خوێندنی کورت مەودای وەك پەیمانگەکانە کە دوو ساڵە، نەك زانکۆ کە چوار ساڵە و دواتریش دامەزراندن نیە.

**<u>دووەم- وەڵامی ئامانجەکانی توێژینەوەکە</u>**: لەنێو ئەو چاوپێکەوتنانەدا کەتوێژەر لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغی سێیەم و چوارەمی بەشی کاری کۆمەڵایەتیدا ئەنجامیدابوون وەڵامی تەواوی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی دەستکەوتووە بەم شێوەیە:

وەڵامی ئامانجی یەکەم: (ئایا پێشبینی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بۆ داهاتووی پیشەییان چۆنە (لەسەرەتا و پاشان لەدوای بەرێکردنی چەند ساڵێکی خوێندن لەم بەشەدا)؟

زۆرێك لەخوێندکاران لەسەرەتای پەیوەندیکردنیان بەبەشەکەوە پێشبینیەکی ئەوتۆیان (نزم) سەبارەت بەبەشی کاری کۆمەڵایەتی نەبووە، چونکە بەشەکە نوێ بووە، کۆمەڵگە ئاشنای زانستی کاری کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵام لەدوای ئەوەی خوێندکار پەیوەندی بەبەشەکەوە دەکەن و قۆناغە سەرەتاییەکان دەبڕن، خوێندکاران جەخت لەوەدەکەنەوە کە ئەگەر کات

بگەڕێتەوە هەمان بەش هەڵدەبژێرنەوە. ئەم هەڵوێستە بەڵگەی ڕەزامەندی خوێندکاران دەردەخات بۆ بەشی کاری کۆمەڵایەتی، (بەڵگەی ئەوەیە کە بابەت و مامۆستا و زانستی کاری کۆمەڵایەتی پێشبینی نزمی گۆڕیووە بۆ پێشبینی بەرز) هاوکات لەچاوپێکەوتنەکانەوە دەردەکەوێت، لەقۆناغەکانی سێیەم و چوارەمی بەشەکە، پێشبینی خوێندکار بۆ داهاتووی پیشەیی دروست دەبێت و توانای لەسەر پێشبینیکردن بەهەر بابەتێکەوە کە پەیوەندی بە داهاتووی هەبێت ڕوو لەدەرکەوتن و گەشەکردن دەکات . پێشبینی نزم گۆڕا بۆ پێشبینی بەرز

وەڵامی ئامانجی دووەم: (خوێندکاران پێشبینی ئەوەدەکەن کەزانست و بروانامەی کاری کۆمەڵایەتی بەسوودبێت بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باش لەداهاتووتدا؟)

خوێندکاران پێشبینی دەکەن بروانامەی کاری کۆمەڵایەتی بتوانێت ژیانێکی باش مسۆگەر بکات بەڵام لەبەر ئاڵۆزبوونی ژیـان لەدونیای ئەمڕۆدا، خوێندکاران نکوڵی لەوە ناکەن کە ئەم کارە بەو شێوەیە ئاسان نیە و پێویستی بە هەوڵدانی بەردەوامە لە ڕێگەی پەرەدان بەتواناکانی خۆیان و گرنگیدان و بەهێزکردنی کارامەییەکانیان.

وەڵامی ئامانجی سێیەم: (خوێندکاران پێشبینی بەرفراوانبوونی ئەم بەشە دەکەن لەداهاتوودا؟)

پێشبینی خوێندکاران بەئاراستەی زیادبوون خوێندکارانە لەبەشەکەداو بەرفراوانبوونی بەشەکەیە لەداهاتوودا، ئەوان زیاتر تیشك دەخەنە سەر ئەوەی کە داهاتوودا زیاتر بەرهەمەکانی ئەم بەشە دەردەکەوێت و چونکە هەم خوێندکار و هەم مامۆستا لەکاری ئاشناکردنی کۆمەڵگەن بەکار و و ڕۆڵ و گرنگی ئەم بەشە لە داهاتووی کۆمەڵگەدا.

**<u>سێیەم- پەیوەندی نێوان تیۆری پێشبینی وتوێژینەوەی پێشوو بە چاوپێکەوتنی خوێندکارانەوە:</u>**

پەیوەندی تیۆری بەمیدانیەوە لە توێژینەوەکەدا:

- سەرەتا بەفەرهەنگی ئۆکسفۆرد دەست پێدەکەین کە بەپێی ئەم فەرهەنگە پێشبینی بەستراوەیە بە چەمکی هاندان. لێرەدا ئێمە لەوەڵامەکانی خوێندکارانەوە درکمان بەوە کرد کە بارودۆخ و زانست و مامۆستای بەشی کاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بینیوە لە هاندانی خوێندکار تا پێشبینیەکانیان بۆ زانستی کاری کۆمەڵایەتی ئەرێنی بێت.
- لای ڕۆتەر پێشبینی کەسێك بۆ ڕووداوێك یان بابەتێك لە پێشبینی کەسێکی دیکە بۆ هەمان ڕووداو یان هەمان بابەت جیاوازە و ئەزموونی پێشووی هەرکەسێك کاریگەری تەواوی لەسەر پێشبینیەکانی ئەو کەسە هەیە. ئەم بۆچوونە تیۆرییەی ڕۆتەر لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکاندا دەرکەوتووەو خوێندکاران بەپێشبینی جیاواز بەشی کاری کۆمەڵایەتیان هەڵبژاردووەو لەئێستادا ئەم هەڵبژاردەیە ئەزموون دەکەن و کاریگەریشی دەبێت لەسەر پێشبینی کردنی داهاتووییان بۆ بەشەکە.
- باندۆرا باوەڕی وایە خۆکاریگەری (الكفائة الذاتية- self-efficacy) ڕۆڵ دەبینێت لە پێشبینی و زیاتر کار لەسەر ئەنجام دەکات. لای باندۆرا ئەو کەسانەی کە خۆکاریگەرییان زیاترە ئاستی پێشبینییان بەرزە چونکە لەو باوەڕەدان زیاتر دەگەن بە سەرئەنجام و خەونەکانیان بەدیدەهێنن. بەشێکی زۆری خوێندکاران لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا جەختی تەواویان لەسەر ئەم بابەتە کردۆتەوەو پێیان وابوو کە خۆکاریگەری و توانا و لێهاتوویی خوێندکار لەئێستادا کاریگەری ئەرێنی باشی دەبێت بۆ داهاتووی پیشەییان و ئەکرێت لەڕێگەی خۆکاریگەری و لێهاتووی و

کارامەییەکانیانەوە لەبواری زانستی کاری کۆمەڵایەتیدا چانسی باشتر بەدەستبێنن بۆ داهاتووی پیشەییان. بەڵام بەشێکی دیکەی خوێندکاران ئاستی پێشبینییان نزمەو بارودۆخە تایبەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وادەکات پیشینی بۆ داهاتوو بەتەواوی پەیوەنست نەبێت بە خۆکاریگەری بەڵکو شتی دیکەی نایاسایی رۆڵی لە دیاریکردنی ئەنجام هەیە.

- ڤیکتۆر ڤرۆم کە بۆ بابەتی پێشبینی چەند گریمانەیەکی بونیادنابوو، ئیمە ئەیبەستینەوە بەچاوپێکەوتنەکانی خوێندکارانەوە:

خەڵکی کاتێك پەیوەندی بە دامەزراوەیەك دەکەن لە پێشبینیانەوەیە بۆ ئەزمونی پێشووی ئەو دامەزراوەیە. خوێندکاران بەتەواوەتی جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا کە پێویستە ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی بەشی کاری کۆمەڵایەتی ئاشنا بکرێت بەکۆمەڵگەو بەگرنگی دەزانن کە خوێندکار بەرلەوەی بێتە ئەم بەشە لەرێگەی ئەزموونە پێشینەییەکانی ئەم بەشەوە زانیاری هەبێت تاوەکو بەشەکە بەرهەمداربێت و کەسێك کە تواناو کارامەییەکانی تێدایە ببێتە خوێندکاری ئەم بەشە نەك بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەنە شارەزایانە هەڵبیژێرێت.

هەروەها بۆ گریمانەی کاتێك کەسێك پەیوەندی بە دامەزراوەیەك دەکات، ئەوا پێشبینی شتی جیاواز لەو دامەزراوەیە دەکات لەوانە موچە، ئاسایشی کار، پێشکەوتن و ئاڵەنگاری. خوێندکاران لەنێو چاوپیکەوتنەکاندا بەتەواوی لەگەڵ ئەم خاڵەدان کە بە بەراورد بەبەشە زانستیەکانی تری زانکۆ، ئاستی پێشینی تیایدا بەرزە بۆ دامەزراندن و موچەو ئاسایشی کار و پێشکەوتن و ئاڵەنگاری ژیان.

هەروەها تیۆری پێشبینی ڤرۆم باوەری وایە کە خەڵکی کاتێك رەفتارێك ئەنجامدەدەن پەیوەندی دروستدەکەن لەنێوان ئەو هەوڵەی دەیدەن لە کارکردن ئەو نمایشەی لە کارکردن دەینوێن و ئەو خەڵات و هاوشانیەی بەدەستی دەهێنن. لەپەیوەندی ئەم خاڵەدا بەچاوپێکەوتنەکانی خوێندکارانەوە دەردەکەوێت کەخوێندکارانیش بەهەمان شێوە پێیان باشە ئەو هەوڵ و کۆششانەی کەلەکاتی خوێندن ئەم بەشەدا دەیدەن بەهەند وەربگیرێت هەروەها خوێندکارێکی لێهاتوو خاوەن کارامەی باش هاوشانی ئەو کارامەییی و ماندووبوونەی سەر ئەنجام بەرهەمەکەی ببینێتەوە.

- توێژینەوەی (ڕوانگەی تیۆری پێشبینی لە کاری خۆبەخشیدا) کە لەلایەن جەیمس جەی زبۆجا، ڕالف دبلیو جاکسۆن و مارشا گریمس-ڕۆز. نوسراوە، گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو کەسانەی خۆبەخشانە بە شێوەیەکی بەردەوام کاردەکەن، پێشبینی ئەرێنییان هەیە بەرامبەر بە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان و بەرامبەر بە یارمەتیدانی کەسانی دیکە بە گشتی. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە لەگەڵ ئەوەی هێشتا زووە بۆ کارکردنی خوێندکارانی ئەم بەشەو بەشداریکردنیان لەکاری خۆبەخشیدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئامادەکاری بۆ کارکردنی خۆبەخشی لەداهاتوودا بەشی کاری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی وانەکانیەوە کاری پێشوەختەی بۆدەکات و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، تێبینی دەکرێت خوێندکارانی ئەم بەشە پێشبینی ئەرێنیان هەیە بۆ داهاتووی پیشەییان و ئارەزووی کاری مرۆڤایەتی دەکەن و لە چاوپێکەوتنەکاندا جەخت لەوەدەکەنەوە کە خۆشەویستیان بۆ پیشەکەیان لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە ئارەزوو هاوکاری و یارمەتیدانی مرۆڤەکان دەکەن.

- توێژینەوەی هەردوو توێژەر زاڤیر ئوندا، ڤالێنتینا ڕامۆس بەناونیشانی: پێشبینی لە چوارچێوەیەکی پەروەردەیدا: بەپێی توێژینەوەکە ئەگەر پرۆسەی پەروەردە لەگەڵ پێشبینیە سەرەتاییەکانی خوێندکار هاوتا نەبێت ئەوا ناڕەزایەتی لە تەواوی ئەزموونەکە دروست دەکات. بۆیە پێشبینیە سەرەتاییەکانی خوێندکار لە هەر بەشێکدا بێت گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئەنجامی باشتری ئەو بەشە. ئەم توێژینەوەیە لەپەیوەندیدا بەچاوپێکەوتنی خوێندکارانی بەشی کاری

کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێت کە ئەوانیش هاوڕای ئەم بابەتەن و پێیان وایە کەپێویستە بەشی کاری کۆمەڵایەتی هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئاشناکردنی کۆمەڵگە بەم بەشە تاوەکو خوێندکارانی داهاتووی بەر لەهاتنیان پێشبینی دروست و واقعیان هەبێت. لەلایەکی ترەوە خوێندکارانی بەشداربوو لەچاوپێکەوتنەکاندا کاتێك پرسیاریان لێکراوە کەتاچەند لەگەڵ واقعی ئێستای بەشەکەتدا گونجاویت، زۆرینەیان واقعی ئێستای بەشەکەیان پێ قبوڵەو ڕازین لێی و کەمترین نارەزایەتی تێبینی دەکرێت ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پێشبینیە سەرەتاییەکانی خوێندکارانی ئەم بەشە بڕێکی باش لەهاوتایی لەخۆدەگرێت لەتەرازووی بەرامبەر واقعی ئێستەی بەشەکەدا.

- هەردوو توێژەر رۆبرت لوید و دانیاڵ مێرتنێس جەختیان لەسەر چوارچێوەی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە. گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر پێشبینی کرێکار یان کارمەند هەیە و پێشبینیش کاریگەری لەسەر هاندانی کارکردن هەیە. خوێندکارانی بەشداربووش لەچاوپێکەوتنەکاندا بەهەمان شێوە پێشبینی ئەوەدەکەن کە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی گرنگیەکی بەرچاوی هەیە لەسەر هاندان بۆ کارکردن و بەجۆرێك گرنگیەکەی زۆر کات زیاترو هەندێکات هاوتایە بەمووچە.
- لەساڵی 1984 ئیکلیس و کۆمەڵێکی دیکە لەهاوکارانی لەبواری وەرزشدا گەیشتنە ئەو باوەڕی کە بەهای پێشبینی بۆ چوار ڕەگەز دابەش دەبێت:بەهای گرنگیپێدان، بەهای قازانج ،بەهای خۆبینینەوە، تێچوون. ئەمان کارەکانیان پرکتیکی بوو بەدواداچوونەکانیان لەسەر یشبینی وەرزشکاران ئەنجامدابوو، بەڵام هۆکاری بەکارهێنانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەبوو کەتوێژەر پێشبینی ئەوەی دەکرد کە بتوانێت ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەنجامی چاوپێکەوتنەکاندا هاوتا بکات. لەدوای چاوپێکەوتنەکانەوە بەتەواوی دڵنیابووەوە لەوەی یەك بەیەکی ئەو بەهایانەی کە ئیلیکس و هاوەڵانی دایاننابوو بۆ پێشبینی زۆربەزەقی ڕەنگدانەوەی هەیەو تێبینی دەکرێت:
- بۆ بەهای گرنگیدان: تێبینی دەکرێت کە خوێندکاران لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا جەختی تەواویان لەسەر ئەوەیە کە ئەم بەشە شوێنی گرنگی پێدانی ئەوانەو پێشبینی داهاتوویەکی باشی لێوەدەکەن.
- بەهای قازانج: خوێندکارانی بەشداربوو لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا جەختی تەواو لەوەدەکەنەوە کەپەیوەندیکردنیان بەم بەشەوە پێشبینی قازانجی لێدەکرێت بۆ داهاتوو بەهایەکی قازانجی هەیە چونکە ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە ئەگەر پیشەیەکی ئەوتۆشیان دەستنەکەوێت لەداهاتوودا ئەمان ئەوە بەقازانج دەزانن کە ئەتوانن هاوکاری خێزان و دەوروبەرەکەیان بن.
- بەهای خۆبینینەوە: خوێندکاران لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا جەخت لەوەدەکەنەوە کە خۆیان بەتەواوی لەم پیشەیەدا دەبیننەوەو پیشبینیکردن بەخۆبینینەوە لەپیشەی کاری کۆمەڵایەتیدا وایکردووە کەپاڵنەرو هاندانێکی زۆر لەنێو ناخی ئەم خوێندکارانەدا بوونی هەبێت.
- بەهای تێچوون: خوێندکاران لەنێو چاوپێکەوتنەکاندا جەختیان لەوەدەکردەوە کە کات و ماندووبوونی چەند ساڵەیان بۆ ئەم بەشەو هەندێکیان ئامادەبوون واز لەکاری تربێنن لەپێناوی خوێندنیان لەم بەشەدا بۆیە بەهایەکی تێچووی گەورە لەپشت پێشبینی ئەوانەوە بۆ ئەم بەشە بوونی هەیە.

**ئەنجام:**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خوێندکاران لە قۆناغی خوێندنی بەکالۆریۆسەوە، پێشبینی بۆ دوای قۆناغی بەکالۆریۆس دەکەن. زۆرینەی پێشبینیەکانی خوێندکاران بەستنەوەی خوێندنە لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی بە پیشەکانیان لە داهاتوودا. بەشێك لەو خوێندکارانە بەر لە تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس، هەوڵی ئەوەیان داوە پیشەی

sjh@univsul.edu.iq

تایبەتی خۆیان مسۆگەر بکەن و لەو پیشەیەدا سودیان لە زانستی کاری کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. لێرەوە پێشبینی خوێندکاران بۆ سودوەرگرتن لە زانستی کاری کۆمەڵایەتی پیشبینیەکی بەرزە. پێویستە ئەوە بڵێین کە لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانەوە دەرکەوتوو، بەشی کاری کۆمەڵایەتی و باروذۆخی زانکۆ رۆڵی هەبووە لە بەرزکردنەوەی لێهاتووی و خۆکایگەری خوێندکار، هاوکات ئەدا و نمایشی خوێندکاری باشکردووە، هەر بۆیە خوێندکاری کاری کۆمەڵایەتی پێشبینی بۆ داهاتووی پیشەکەی خۆی بەرزەو چاوەڕوانی هاوشانی بەرز دەکات.

**پێشنیارو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

**-پێشنیارەکان:**

-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەنێوان بەشی کاری کۆمەڵایەتی و بەشێکی تری زانستە سروشتییەکانی زانکۆی سلیمانی وەك ئەندازیاری ئاودێری یان زانستی فیزیا بەئامانجی دروستکردنی بەراوردکاری لەنێوان پێشبینی خوێندکاران بۆ داهاتووی پیشەییان لەکۆلیجە سروشتی و مرۆییەکانی زانکۆی سلیمانی.

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر پێشبینی خوێندکاری ئامادەییەکان بۆ داهاتوویی پیشەییان .

**-ڕاسپاردە:**

-وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەوڵی ناساندن و ئاشناکردنی کۆمەڵگا بدات بەبەش و کۆلیجەکان بەتایبەت ئەو کۆلیج و بەشانەی کەتازەن تاوەکو خوێندکار بەرچاوڕوونی هەبێت لەسەریان و پێشبینیەکانی لەسەر بنەمایەکی واقعی بێت بۆ ئەو بەشانەی لە داهاتوودا هەڵیان دەبژێرێت.


**<u>لیستی سەرچاوە زانستییەکان:</u>**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

- چنورقادری و ئەوانیتر، دەروازەیەك بۆ کاری کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی، 2021.
- یوسف حمه صالح مصطفی، کەسایەتیی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2023.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- أحسان محمدالحسن وعبدالحسين زيني، الاحصاء الاجتماعى، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، 1982.
- أبتسام محمود محمد سلطان، المساندة الاجتماعية وأحداث الحياة الضاغطة، دارصفاء، عمان، 2009.
- يمان نعساني: نظرية التوقع وتأثيرها على الدافعية في العمل
https://academy.hsoub.com/entrepreneurship/organizational-behavior/نظرية-التوقع-وتأثيرها-على-الدافعية-في-العمل-r624/
- دوان شلتز، ترجمة: حمد دلى الكربولى و عبدالرحمن القيسى، نظريات الشخصية، مطبعة جامعة بغداد، 1983.

- ذوقان عبيدات و سهيلة أبو السميد، البحث العلمى (البحث النوعى والبحث الكمى)، دارالفكر، عمان،2002 .
- رزگار مصطفى غفور، الرضا الوظيفى للاخصائى الاجتماعى وعلاقته بالكفاية المهنية (دراسة ميدانية فى مدينة السليمانية)، أطروحة دكتوراغيره منشورة، جامعةسليمانيه، قسم الخدمة الاجتماعية،2013 .
- عبد الباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعى، مكتبة وهبة، دار غريب للطباعة، قاهرة، 1976 .

**سەرچاوە ئنگليزيەکان:**

- Expectancy-Value Theory: https://psychology.iresearchnet.com/sports-psychology/sport-motivation/expectancy-value-theory/
- Expectancy theory: https://www.oxfordreference.com/display/10.1093/oi/authority.20110803095804926
- David L. Palenzuela :The Expectancy Construct Within the Social Learning Theories of Rotter and Bandura: A Reply to Kirsch's Approach
- Fred C. Lunenburg: Expectancy Theory of Motivation: Motivating by Altering Expectations, INTERNATIONAL JOURNAL OF MANAGEMENT, BUSINESS, AND ADMINISTRATION VOLUME 15, NUMBER 1, 201
- James J. Zboja: corresponding Ralph W. Jackson, and Marsha Grimes-Rose :An expectancy theory perspective of volunteerism: The roles of powerlessness, attitude toward charitable organizations, and attitude toward helping others Published online 2020 Aug 17. doi: 10.1007/s12208-020-00260-5 https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC7429944/
- Xavier Unda, Valentina Ramos: EXPECTANCY THEORY APPLIED TO AN EDUCATIONAL CONTEXT: A LONGITUDINAL STUDY APPLIED IN POSTGRADUATE COURSES·July 2016 https://www.researchgate.net/publication/305704536
- Robert Lloyd . Daniel Mertens: Expecting more out of Expectancy Theory: History urges inclusion of the social context, January 2018 CITATIONS 55 READSs https://www.researchgate.net/publication/325176363


**پاشكۆی(1)**

شێوەی کۆتای فۆرمی چاوپێکەوتنەکە

خوێندکاری بەڕێز.................

ئەم فۆرمەی لەبەردەستتدایە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێکە،بە ئامانجی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەژێر ناونیشانی(پێشبینی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بۆ داهاتوویی پیشەییان – توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەزانکۆی سلیمانیدا) هاوکاریکردنت بەبەخشینی کاتی خۆت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان،جێگەی سوپاسە........

پرسیارەگشتییەکان:

1/ڕەگەز: نێر (   ) مێ(   )

2/قۆناغ: ( )

پرسیارەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە:

1. بەرلەهاتنت بۆ بۆ بەشی کاری کۆمەڵایەتی پێشبینیت چی بوو بۆ ئەم بەشە؟ئەگەر کات بگەڕێتەوە هەمان بەش هەڵدەبژێریت؟
2. ئەو پێشبینیانەی لەسەرەتای هاتنت بۆ ئەم بەشە هەتبوو بۆ کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ واقعی ئێستادا کۆکن؟
3. پێشبینی ئەوەدەکەیت کەزانست و بڕوانامەی کاری کۆمەڵایەتی بەسوودبێت بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باش لەداهاتووتدا؟
4. ئایا پێتخۆشە لەداهاتوودا لەبواری کاری کۆمەڵایەتیدا کاربکەیت و بیکەیت بەپیشەی خۆت؟
5. بەڕای تۆ لەداهاتوودا زانستی کاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەبەهێزکردن و بەتینکردنی دامەزراوەی تەندروستی و پەردەردەیی؟
6. بەڕای تۆ زیرەکی و کارامەیی لەلایەن خوێندکارانەوە ،ڕۆڵی هەیە لەدابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ خوێندکارەکە؟
7. ئایا بەشی کاری کۆمەڵایەتی بەوە پیشدەکەوێت کە خوێندکاران هەموویان بەیەك چاو سەیربکرێن لەدەرچوون و چالاکی و ....یان پێشکەوتنی بەشەکە بەوەدەبێت کە ڕکابەری دروستبکات لەدەرچوون و چالاکی و...؟
8. بەپێی پێشبینی تۆ ژیانی باش بەهۆی مووچەوە مسۆگەر دەبێت یان بەهۆی ژینگەی لەبار بۆ کارکردن؟
9. پێشبینی دەکەیت ژمارەی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لەداهاتوودا زیاتربێت یان کەمتر؟بۆچی؟